# نوێترین سیناریۆی ئەمریکا لە (١١)ی سێپتەمبەردا تەقینەوەیەکی گەورەیە، سەرلەنوێ دارشتنەوەی ناوچەکانە لەرووی سیاسیەوە



ڕاز محەمەد
یەکگرتوو / سلێمانی

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو ڕوداوە گەورە تیرۆرستییەی کە لە ئەمریکا لە (١١)ی سێپتیمبەردا ڕوویاندا کە بەدوای خۆیدا دونیایەك لە قەیرانی ئابوری و گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، سەرئەنجام هەموو ئەمانە بوونە هۆی لەقبوونی ئەو سیاستەی کە ئەمریکا و سەرۆکی پێشووی ئەمریکا پیادەی دەکرد کە بریتی بوو لە روبەڕوو بوونەوەی تیرۆر، کە دواجار خۆی لە داگیرکردنی عێراقدا بینیەوە، کەدەیویست لەوێوە دەست بەسەر هەموو شەرقی ئەوسەتدا بگرێت. لەدوای ئەو رووداوە گەورەیە و تۆمارکردنی لە مێژوویەکی خوێناوی لەو وڵاتە زلهێزەی جیهاندا کە هەمیشە جێگای ترس بوو بۆ وڵاتانی ئاسیا ئەم رووداوە بۆ ئەمریکا بوویە جێگای ئەوەی کە هەموو ساڵێك لەم بۆنەیەدا ستراتیژییەتی خۆی بگۆڕێت و جارێکی تر بە بەرنامەیەکی نوێوە درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی بدات، ئەگەرچی پرسیاری سەرەکەی لێرەدا ئەوەیە ئایا کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا و گۆڕینی باڵیۆزخانەی خۆی لە عێراقدا هەوڵدان بۆ ئەوەی بتوانێت دەست وەرنەداتە ئەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ دوچاری هێزەکانی عێراق بۆتەوە لە پێکهێنانی عێراقدا، ئایا جۆرێك نییە لە سیناریۆیەکی نۆی؟ ئەگەرچی (فەرید ئەسەسەرد) بەڕێوەبەری سەنتەری ستراتیژی بۆ لێکۆڵینەوە، پێی وایە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەیەکەوە نییە (١١)ی سێپتیمبەر و هەنگاوەکانی ئێستای ئەمریکا لە عێراقدا ئەو پێی وایە ئەوەی ئێستا ئەمریکا لە عێراقدا دەیکات وەڵامدانەوە تێڕوانینەکانی حکومەتی تازەی ئەمریکایە لەپاش هاتنە سەرکاری (باراک ئۆباما) لە سەردەمی ئەمدا عێراق لەنێوان دوو جۆر لە سیاسەتدایە:

١- ئەولەویەت لای ئەوان وەك جاران لە عێراقدا نییە، بەڵکو لای ئەفغانستانە، لەبەر ئەوە جەخت ناکەنەوە لەسەر عێراق ئەوەندەی لەسەر ئەفغانستان دەکەنەوە.

٢- پاش هاتنە سەر کاری (ئۆباما) بەڵێنی کشانەوەی لە عێراق دا، کەئەمەش بەشێکە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی کە داویەتی و، پابەندبون بەو رێکەوتننامەیەی لەگەڵ بەغدا ئیمزای کردووە و، (١١)ی سێپتیمبەر زیاتر بەپوەندی بە شێوەی رێکخستنی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ رۆژ هەڵات و رۆژئاوادا، کە رەنگە پەیوەندی بەو ئیجرائاتانەوە هەبێت کە ئەوروپیەکان و ئەمریکایەکان لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا بۆ زیاتر سەقامگیر کردنی ئاسایشی ناوخۆ کە هەندێك کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندی نێوان هاوڵاتییە مەسیحی و موسڵمانەکاندا بەجێ هێشت، لە (١١)ی سێپتیمبەردا ئەمریکا ستراتیژی کاری خۆی گۆڕی لە هەموو جیهاندا و، بەشێوەیەك دایڕشتەوە تا لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا بگونجێت.

داگیرکردنی عێراقیش لە هێڵە ستراتیژیەکانی بوو (سەعدی ئەحمەد پیرە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت: (١١)ی سێپتیمبەر ئەمریکا زیاتر هان دەدات کە خەباتی خۆی دژی ئیرهاب بەهێز بکات لە هەموو لایەنەکانیەوە هاوپەیمانی ئەمریکا بەهێز دەکات، کە ئەمڕۆ لە عێراقدا دیاردەی ئیرهاب لە ئەنجامی دواکەوتنی حکومەت و ئەو گفتوگۆ بێزەوقانەی کە لەنێوان هێزە عێراقیەکاندا دەکرێت.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێیوایە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کە زیاتر ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کرد ئەمریکا بیرێکی دوور و درێژتر بکاتەوە بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا، چونکە عێراق بۆ ئەو شوێنێکی زۆر گرنگە و ئەهەمیەتێکی جوگرافی و سیاسی هەیە، سنوری لەگەڵ (٦) دەوڵەتدا هەیە کە ئەمریکا تێیدایە، بە تایبەتی وڵاتانی خەلیج و ئوردون". ئەو بەرپرسەی یەکێتی پێیوایە کە دەبێت هەرێمی کوردستان پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەمریکادا زۆر بەهێز بکات، چونکە تەسەوری ئەوە دەکەم بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هێشتا عەناسری ئیرهاب خراپتر دەکات و وادەکات زیاتر پەرە بە چالاکیەکانیان بدەن و، درێژە بکێشێت بۆ هەرێمی کوردستانیش لەدوای دروستبوونی کۆمەڵێك گرفت لە عێراق و ئەفغانستان و ناچەکانی تردا، هەموو ئەمانە بوونە تەمومژێك کە لەسەر ستراتیژی ئەمریکا، کە ئایا عێراق دیموکراتیزە ئەکرێت یان نا.

(سەمیرسەلیم - ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتوو) پێیوایە ئەمجارەیان ئەیەوێت جارێکیتر نەخشەیەکی نوێ بۆ ناوچەکان دابڕێژێتەوە کە هەموو سیاسەتمەدارانی جیهان نەیانتوانیوە ئەو چوارچێوەیەی کە لە سیاسەتی ئەمریکادا هەیە دیاری بکەن، ئەو پەرلەمانتارە رایگەیاند کە نوێترین سیناریۆیانەی کە ئێستا ئەمریکا ئامادەی کردووە بریتییە لە تەقاندنەوەی ناوچەکان، سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دوای تەقینەوەی کە روودەدەن لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و کەلتوریەوە، ئەگەرچی ئەمانە هەموو قسەن و ئەوسەری دیارنین کە ئەمریکا چی دەوێت". ئەو پەرلەمانتارەی ئەوەشی خستەڕوو کە ئەمریکا بەردەوام بەپێی سیاسەتێکی نوێ هەرجارە لە ناوچەکەدا پڕۆژەکانی خۆی و هاوسەنگیەکانی جێگیر دەکات، هەر بۆیە ئەم جارەش دەیەوێت عێراقیەکان هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بچن بۆ ئەوەی بتوانن ئیلتیزاماتی دەوڵەت و حکومەتی خۆیان لەئەستۆ بگرن، بەڵام لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکدا کە ئەمریکا خۆی ئیدارەی ئەکات".

# کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراقدا لەپاش چی؟!

ئا: ئومێد شوانی

لە (٢٠٠٣) ئەمریکا هات بۆ رزگارکردنی عێراق و، وەك ئاشکرابوو بە سوپایەکی (١٩٢٠٠٠) سەربازی رووی لە عێراق کرد. تاوەکو ئێستا سوپای ئەمریکا بوونی هەیە، بەڵام ئەمریکا بڕیاری داوە زۆرێك لە سوپاکەی بکێشێتەوە، وەك دیاربوو لەم دواییانەدا دواهەمین یەکەی سەربازی ئەمریکی عێراقیان جێهێشت و بڕیاریشە تا کانوونی یەکەمی (٢٠١١) هێزەکانی بکێشێتەوە و تەنها (٥٠) هەزار سەرباز بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بهێڵێتەوە. ئەمەی خوارەوە ئەو مانگانەن کە لە ساڵەکانی رابردوو لە ماوەی (٧) ساڵی پرۆسەی رزگارکردنی عێراق بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وردە وردە یەکە سەربازییەکانی دەکێشێتەوە لە هەمان کاتدا زەرەر و زیانەکانیش رادەگەیەنێت و، بەم شێوەیە دەیخەینە بەرچاوی ئێوە:

* ئاداری (٢٠٠٣) پرۆسەی رزگارکردنی عێراق بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەست پێدەکات و ئەوکات ژمارەی سەربازەکانی (١٩٢٠٠٠) سەرباز بوو.
* ئایاری (٢٠٠٣) سەرۆك بۆش کۆتایی پرۆسە جەنگییە سەرەکییەکان رادەگەیەنێت، کە ئەوکات (١٤٦٠٠٠) سەرباز بوو.
* ئەیلولی (٢٠٠٤) ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی دەگاتە (١٠٠٠) سەرباز.
* تشرینی یەکەمی (٢٠٠٥)دا گەشتە دوو هەزار سەرباز.
* ئابی (٢٠٠٧) خوێناویترین هێرشی تیرۆریستی تاکەکەسی دەستی پێکرد، ئەمەش کوژرانی (٧٩٠) مەدەنی لێ کەوتەوە.
* تشرینی یەکەمی (٢٠٠٧) زیادکردنی ژمارەی سەربازەکان دەگاتە ترۆپك، لەبەر ئەوەی لەم ساڵەدا بارودۆخی عێراق بەتایبەت بەغدا تەواو شڵەژابوو و کوشتن و برینی زۆر هەبوو، لەو حاڵەتەدا ئەمریکا ژمارەی سەربازەکانی لە سوپا زۆرتر کرد، بەمەش بوو بە (١٧٠٠٠٠) سەرباز بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە نالەبارەکە.
* ئاداری (٢٠٠٨) دووهەزار سەرباز.
* ئابی (٢٠٠٨) (٤,٤١٥) سەرباز.
* کانونی دووەمی (٢٠٠٩) لەو ساڵەدا ئەمریکا هەڵبژاردنی کرد و (باراك ئۆباما) بوو بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەویش بەڵێن دەدات ژمارەی سەربازەکان لە عێراق کەم بکاتەوە.
* ئابی (٢٠١٠) و بەم دواییەش قۆناغێکی تری کشانەوەی سەربازەکانی کە ژمارەکەی دەگەیشتە (٥٦٠٠٠) سەرباز.

زەرەر و زیانەکانیش بەم شێوەیەن

لەماوەی ئەو حەوت ساڵەدا ئەمریکا (٧٥١) ملیار دۆلار و، نزیکەی (٤٠٠٠) هەزار و (٥٠٠) کوژراوی هەبووە.

خەرجیەکانی ئەمریکا لە عێراق

لەماوەی ئەو حەوت ساڵەدا ئەمریکا (٥٣) ملیار دۆلاری بۆ سیستەمی پەروەردە و فیرکردن و، (٢٣) ملیار و (٢٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ راهێنانی هێزە ئاسایشەکانی عێراق خەرج کردوە، هەروەها یەك ملیار دۆلاری تری ئەمریکا بۆ پرۆژە جۆراوجۆرەکانی واشنتۆن بۆ عێراق سەرف کراوە و ئەویتری خەرجی سەربازی بوو.

# لە یاداشتەکانی (فوئاد عارف)ـەوە

## پەیوەندی مەلیک غازی لەگەڵ ئینگلیز

وەرگێڕان و قسەلەسەرکردنی (بەکر قادر)

– بەشی هەشتەم –

مەلیك غازی رقی لە ئینگلیز بوو، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بوو، یەکێکیان کە بۆ منی باس دەکرد سەبارەت بەم هەڵوێستەی کە بەرامبەر باپیری (مەلیك حوسێن) کردیان و دووریان خستەوە بۆ وڵاتی قوبرس. دووەمیان ئەو دارەدەستەی کە لە حیجازەوە لەگەڵ باوکی هاتبوون بۆ عێراق هەموویان پیاوی ئینگلیز بوون، ئەوەندەی خۆشەویستی و گوێڕایەڵی باڵیۆزخانەی بەریتانیا بوون خۆشەویستیان بۆ دەوڵەتی عێراق نەبوو، بۆیە مەلیك غازی لەبیری ئەوەدا بوو گەنجانی وڵاتەکەی بە هەستی نەتەوایەتی گۆش بکات، بۆ ئەوەی رۆژێك دابێت لە داگیرکارانی ئینگلیز رزگاری بێت و وڵاتیان لێ پاك بکاتەوە و، خەریکی ئەوەبوو کۆمەڵە کەسانێك پێ بگەیەنێت کە لە جێگای ئەم دارودەستەی ئینگلیزیان دابنێت، لە سەرەتادا ئینگلیز زۆر پشتی (مەلیك غازی) گرت و دەیویست لەسەر رێچکە و رێبازی باوکی بڕوات و ببێتە ماشە و داردەستی ئەوان، لە سەرەتادا مەلیك غازی لە ئینگلیزی گەیاند کەوا لەسەر رێچکەی باوکی دەڕوات، ئەمەش دیاربوو شێوەیەك بوو لە کاری دبلۆماسی و پاشان دەیوت من ناتوانم وەکو باوکم بم و لە بەرژەوەندی ئەوان کار بکەم، باڵیۆزخانەی بەریتانیا کاریگەری و دەسەڵاتی زۆری هەبوو بەسەر دەوڵەتی عێراقدا و، لە هەڵوێستی (غازی) و هەڵسوکەوتەکانی ناڕازی بوو، چونکە غازی توانیبووی ببێتە کەسێکی خۆشەویست لەناو میللەتەکەی و هەڵوێستی نیشتمانپەروەریی خۆی نەدەشاردەوە، بەئاشکرا و لە رادیۆ بە گوێچکەی دۆستان و دوژمنەکانیدا دەدا.

داوای دەوڵەتی کوێتی دەکردەوە و دەیوت: شارێکە لە عێراق و دەبێت بگێڕدرێتەوە سەر عێراق. هەرچەندە هەندێ لە پیاوانی دەوڵەت خەریکی ئاشتەوایی و چاککردنی نێوان مەلیك غازی و باڵیۆزخانەی بەریتانیا بوون، کەچی هەوڵەکان بێهودە بوونن پاشان لە رێگەی باڵیۆزی بەریتانیا چەند هەوڵێکی تر درا بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوانیان، کەچی سەری لە هیچ دەرچوو، ئینجا بەریتانیا کەوتنە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و درۆ هەڵبەستن دەربارەی مەلیك و، گوایە لەگەڵ ئافرەتی خراپ هەڵسوکەوت دەکات و خەریکی خواردنەوەی مەشروباتە، بۆ ئەوەی لەناو دڵی خەڵکانی عێراق سووك و ریسوای بکەن، هەتا باسی ئەوە دەکرا شەوانە لەگەڵ ئافرەتێك بەناوی (فرحە) خەریکی رابواردنە کە خراپترین ئافرەتی سەردەم بوو، هەتا جارێکیان کەسێك هاتە لام و وتی: ئەمشەو مەلیك غازی لەکوێ بوو؟ منیش وتم: لە کۆشك بوو. ئەویش وتی: ئەم شەو چووبوویە گەڕەکی (صاحیە) لە ماڵێك لەگەڵ (فرحە) بوو! وتم: برام من ئەفسەری خەفەرم لەم کۆشکە و هەموو دەرگاکان قوفل کراون و یەك ئۆتۆمبیل نە هاتووە و نە رۆیشتووە و، هەشت بنکەی پاسەوانمان هەیەن ئەی مەلیك بەکوێدا چۆتە دەرەوە؟! هەتا جارێکیان لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا بەمەبەستی بەین خۆشکردنەوە بانگهێشتی مەلیکیان کرد بۆ چای خواردنەوە و ئاهەنگ گێڕان، مەلیك وەڵامی داواکەیانی دایەوە و بەیەکەوە چووین زۆر بەگەرمی پێشوازیان کردین و رێزیان لێنان، لە کاتێکدا هەستم کرد مەلیك غازی راوەستابوو ئافرەتێکی سوروسپی خۆی لە مەلیك نزیك دەکردەوە هەروەکو خۆ ئامادەکردن بێت بۆ وێنەگرتن، کە دیتم وێنەگرەکە خۆی لە پەنا دارەکان شاردبوویەوە و دەویست وێنەیان بگرێت، منیش کە ئەم دیمەنەم دیت یەکسەر هاوارم کرد و، وتم: باشە تۆ داوای ئیزنت لە مەلیك وەرگرتووە تاوەکو وێنەی بگریت؟! دیارە ئیشەکەم گەورە کرد و وێنەگرەکەیان بانگ کرد و فیلمی ناو کامێراکەیان دەرهێنا و سوتاندیان، من ئەمە بە یەکێك لە پیلانەکانی ئینگلیز تێگەیشتم، بۆ ئەوەی جەنابیانی پێ ریسوا بکەن، پاشان کە گەڕاینەوە داوای لێبوردنم لە مەلیك کرد بۆ ئەم هەڵوێستەم و، ئەویش دیاربوو لە مەبەستیان گەیشتبوو و زۆر سوپاسی کردم، وتی: چاکت کرد. من لێرە ئەم شایەدیە بۆ مەلیك غازی دەدەم کەوا زۆر دووربوو لە کاری خراپە و بەدڕەوشتی، خێزانی خۆی (مەلیکە عالیەی) زۆر خۆش دەویست، لەکاتی ماڵئاوایی باڵیۆز (سیر کلارك) کە هاوڕێی منداڵیی مەلیك غازی بوو لە قوتابخانەی بەریتانیا هاتە لای مەلیکە و پاش دانیشتن و چای خواردنەوە داوای لە مەلیك کرد پیاسەیەك بەناو باخچەدا بکەن، پاشان مەلیك بۆی گێڕاینەوە وتی: پێی وتم (غازی) کاتی خۆی من و تۆ هاوڕێ بووین و لە قوتابخانەی لەندەن بەیەکەوە بووین، ساردی و گەرمیمان بەیەکەوە چەشتوەن پێم خۆشە چەند ئامۆژگاریەکی برایانەت بکەم، وتی: خۆشەویستم غازی، دروستکردنی مەملەکەتی پاشایەتی و مەلیکایەتی وەکو دروستکردنی خانوو وایەن کاتێك دەتەوێت خانوویەك دروست بکەیت دەبێت بە شێوازێکی وا دروستی بکەیت بەرگەی سەرما و گەرما بگرێت و پاش تەواوکردنی خانووەکە بیر لە دروستکردنی باخچەی خانووەکە بکەیتەوە، ئینجا جوان بیربکەوە، تۆ مەلیکی وڵاتێکی عەرەب و کورد و شیعە و تورکمانی تیایە، جا ئامۆژگاریت دەکەم واز لە کێشەی کوێت بێنە و ئەو کێشانەی کە پەیوەندی بە دەرەوەی عێراق هەیە - مەبەستی فەلەستین بوو -، ئێستاکە خۆت بە دروستکردنی عێراقەوە خەریکە بکە، دیاربوو گۆڕینی ئەم باڵیۆزە بە باڵیۆزێکی تر سەرەتای نەخشەی لەناوبردنی مەلیك غازی بوو.

